# ووشەی ( بقە )

م . حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail.com

( هەڵبژاردنی کاری ڕامیاری و کاری پارتایەتی لەسەر سۆزوخۆشەویستی یان بۆماوە بۆ ئەو پارتەی کەهەڵی دەبژێری یان کاری تێدابکەیت هەڵەیەکی مەزنە چونکە دەبێت مرۆڤ پارتێکی کارکەرو خزمەتکار ببینێت کەووڵات و میللەتی لەبرسێتی پیرۆزیی یەکانی پڕو تێربکات نەک گیرفان ) . دەگەڕێمەوە سەر بنەڕەتی یان کرۆکی بابەتەکە کە ووشەی بقەیە و چۆنیتی و بۆچی بەکارهێنانی ئەم ووشەیەو شیتەڵکردنی لەباری زمانەوانی یەوە :

وواتای بنەڕەتی ئەم ووشەیە لەزمانی کوردیدا بریتی یە لە کرداری مەکە . ئەگەر زیاتر بچینە ناو بابەتەکەوە ووشەی بقە باشتر بخوێنینەوەو شیتەڵی بکەین ووشەیەکی تایبەت بە زمانی منداڵانەو کاتێک کەگەورە دەیەوێت منداڵ دەست بۆ شتێک نەبات کە گەورەکە خۆی حەزی پێی نی یە یان کارێکی ترسناکە ئەوکات گەورەکە بەمنداڵەکە دەڵێت بقەیە وواتای وایە ئەوکارە مەکە خراپە یان کارێکی باشەو بەڵام بۆ گەورەکە خۆی خراپە . کەواتە ئەم ووشەیە لەزانکۆو فەرمانگاکان و شوێنی فەرمی و کتێبخانەو .. هتد بەکارنایەت و تەنها لەماڵەوە یان لەباخچەی ساوایان نەبێت لەشوینی تر بەکارهێنانیشی جێگەی تێڕامان و پێکەنینە چونکە ووشەکە تایبەتە بەئاگاداری یان ئامۆژگاری بۆ منداڵان . بەڵام بەداخێکی گەورەوە سەرکردەیەکی کورد ئەم ووشەیە بەرامبەر ئەندامانی خۆی و پارتەکەی لەشوێنی کۆبوونەوەی ئاشکراو فەرمی و بەبێ دوودڵی و لێکدانەوە دەڵێ و بەکار دەهێنێت مەبەستیش لە بەکارهێنانی ئەو ووشەیەو لەو شوێنە فەرمی یەدا لەگەڵ ئەو ئەندامانەداو لەلایەن سەرکردەکەیانەوە وواتای ئەوە ئەگەیەنێت بۆ سەرکردەکە خۆی کە من گەورەم و ئێوە بچووک کەمن دەسەڵاتدارو ئێوە بێدەسەڵات کەمن ژێرو ئێوە نا .. هتد . مەبەستی سەرەکیش لەووشەی بقە یان مەکە کەبەکارهاتووە لەو شوێنەدا ئەوەیە کە ڕای ئازاد بقەیەو بیر لە سەربەستی و مافی خۆتان مەکەنەوە بیر لەڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆتان مەکەنەوە چونکە ئێوە کەئەمڕۆ ئەندامی پارتێکن دووای 17 ساڵ دەسەڵاتی دوور لەهەڵبژاردن و کووشتنی ماوەکانی دیموکراتی و بڕیاربەدەستن بەڵام نوێکاری و شارستانی یەتیشتان لەبیر خەڵک بردۆتەوە دڵنیابن کەهەمان تاس و حەمامی جارانە ( بەعس ) کەخەڵکی باش و دڵسۆز نایەوێن و لەهەمان کاتدا پارتەکەتان و هەندێ لە ئەندامانی گەندەڵ و پاشەڵ پیس و فایلدارو .. هتد . کەواتە ئەی چۆن ئێوە ئەمڕۆ پۆلیسی بەوەفای ئەم پارتەن و فزەولەل ناکەن بەو هەموو کەمووکوڕی و خراپەیەوە کەهەمانە .؟. ئەوەجێگەی پرسیارە .!.

کەواتە ئێوە تەنها بازرگان و بەرژەوەندیدارو ماستاوچین دەنا ئێووەش دەچوونە پاڵ جەماوەرو نووسەرە دڵسۆزەکان و پێشمەرگەی دێرین و بەرهەڵستکاران و خەڵکی دڵسۆزو هەژاری ئەم گەلە ستەمدیدەیە و دژایەتی گەندەڵی و دزیتان دەکرد بەڵام بەداخەوە نەتان کردوو دانیشتوون خۆتان دەلیسنەوەو خەریکی بازرگانی و پارەکۆکردنەوەن بۆیە منیش لێرەدا وەکو منداڵ لەگەڵتان دەئاخڤم و ووشەی بقە بەکاردەهێنم چونکە لەپێناوی بەرژەوەندی خۆتان و ماڵ و منداڵتان گوێی خۆتان لێ خەواندووە . بەکارهێنانی هەندێ ووشەی نەشیاو کەهەمان سەرکردە بەکاری هێناوە لەبەرامبەر ئەندامانی پارتەکەی وەکو ووشەی ( لاسار ، دادگای تایبەت ، پەنجە بەرزکردنەوە بەشێوەی هەڕەشە ، هەڕەشەی دەرکردنی ئەندامان لەکاری ڕامیاری و پارتایەتی ئەگەر ڕاوبۆچوونی جیاوازی هەبێت ، دیسانەوە ووشەی ترسناکی بقە .. هتد ) .

بەکارهێنانی ئەم ووشانە بەرامبەر ئەندامانی پارتێک و کەسانی ڕامیاریست و سەربازی و خەڵک هەروا ئاسان نی یە دەبێت ئەوکەسەی ئەم ووشانە بەکاردەهێنێت زۆر پشت ئەستورو پێشینەی بەهێزی ترسناک و تاریک لەخۆڕاببینێت و هەبێت کەبەگژ هەمووکەسێکدا بتوانێت بچێت دەنا قورسە بەکارهێنانی ئەو ووشانەی کەبۆنی سووکایەتی و هەڕەشەی لێدێت .

ووتارەکە هەتائێرە باسی بارودۆخی کۆبوونەوەو ووشەکانی سەرکردەکەی کرد بەرامبەر پارت و

ئەندامەکانی خۆی و ئاستی بەرەوخراپ بوونی پارتەکەی . منیش ڕای خۆم دەردەبڕم و دەڵێم ئەوسەرکردەیە مافی خۆیەتی کەچەند و چۆن لەگەڵ ئەندامانی پارتەکەی بئاخڤێت و لێپرسینەوەیان بەرامبەر ئەنجام بدات و چاویان لێسووربکاتەوەو خۆی توڕە بکات لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە :

1/ بێدەنگیان بەرامبەر هێرشی تورکیاو کووشتن و بڕینی نەتەوەی کوردو ڕوخانی ژێرخانی ئابووری کوردستان .. بێدەنگیان بەرامبەر چوونی سەرکردەکەیان بۆ تورکیا کەهەڵەیەکی گەورە بوو .. بێدەنگیان بەرامبەر چوونی سەرکردەکەیان بۆسەر گۆڕی دووژمنی سەرسەختی میللەتی کورد کەمال ئەتاتورک .. بێدەنگی تریش بەرامبەر ماچ و مووچەکانی سەرکردەیان بەرامبەر سەرەک شالیارانی تورک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرەک کۆماری تورک عەبدووڵا گۆل کەبەخوێنی گەلی کورد تینون .

2/ بێدەنگیان بەرامبەر بۆردومانەکانی ئێران .. بێدەنگیان بەرامبەر پێشوازی گەرمی سەرکردەیان بۆ سەرۆکی ئێران ئەحمەدی نەژادو بۆردومانی خەستی ناوچە سنوری یەکانی کوردستان لەدووای گەڕانەوەی ئەحمەدی نەژاد بۆ تاران .

3/ بێدەنگیان بەرامبەر هێشتنەوەی سەرۆک شالیارانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی جارێکی تر لەلایەن سەرکردەکەیانەوە کەدەبوو یەکێکی تریان دەستنیشان بکردایە چونکە ماوەی دەسەڵاتی سەرۆک شالیارانی کوردستان تەواو بوو بوو .

4/ بێدەنگیان بەرامبەر بەتیرۆریست کردنی میللەتی کوردی باکوری کوردستان لەلایەن سەرکردەکەیانەوە کەبەپێچەوانەوە لەدادگای یاسایی ئەوروپادا ئەوە بەرپەرچ دەداتەوەو دەڵێت کورد تیرۆریست نی یە بەهیچ شێوەیەک ئێستا ناوی کورد لەلیستی تیرۆردا نی یە . ( ئەوروپا بەو هەموو نامرۆڤایەتی یەی خۆیەوە دەڵێت : کورد تیرۆریست نی یە ، کەچی سەرکردەیەکی کورد خۆی دەڵێت کورد تیرۆریستە ) .

5/ بێدەنگیان بەرامبەر نەگەڕاندنەوەی 40% ی خاکی کوردستان بۆسەر هەرێمی کوردستان کە کەرکوک و خانەقین و شەنگارو .. هتد دەگرێتەوە کەهەزاران ڕۆڵەی ئەم خاکە خوێنی بۆداوە .

6/ بێدەنگیان بەرامبەر جێبەجێ نەکردنی مادەی 140 و دوواکەوتن و نەکردنی و فەوتان و بەعەرەب کردنی بەشێکی هەرە باش و دەوڵەمەندی خاکی کوردستان .

7/ بێدەنگیان بەرامبەر کووشتن و بڕینەکانی دەووڵەتی سوریا بەرامبەر کوردەکانی باشووری بچوک بەتایبەت شەهیدکردنی کۆمەڵێ لاوی خوێن گەرم لەبەرواری 2008/3/20 لەکاتی ئێوارەی نەورۆزدا هەموو تاوانی ئەو گەنجە کوردانە تەنها ئاگرو ئاهەنگ گێڕان بووە بەو بۆنەیەوە . ئەوسەرکردەیە مافی ڕەوای خۆیەتی چی بکات و چی بڵێت بەرامبەر بەئەندامانی پارتەکەی ، ئەو کەخاوەنی دووەم پارتە لە باشووری کوردستاندا بۆ گەورەیی کەچی بێدەنگیان هەڵبژاردووە بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانە کەدەرهەق بەمیللەتی کورد دەکرێت و بێدەنگیشن بەرامبەر هەڵەی سەرکردەکەیان و گوێی خۆیشیان لێخەواندووە بەرامبەر بۆردومان و وێرانکردنی کوردستان لەلایەن دراوسێ و دووژمنانی کوردەوە . ئەو گەلەی کەهەمیشە بەبێ ئاگایی چەپڵەی نەزانی لێدەدات بەدڵنیایی یەوە نەتەوەیەکی نەفامەو خۆی پیاوو سەرکردەی دیکتاتۆر بۆخۆی دروست دەکات .